kurdishebook.com
KURDISHeBook

# آموزش زبان کردی

## کتاب دوّم


تهیه و تدوین: جامعه کردهای اروپا

evinebook.blogfa.com


# ئەڤ مرۆڤانە کار دەکەن



مامۆستا قوتابی فێر دەکات



دکتۆر نەخۆش چارە دەکات



وەستا دیوار دروست دەکات



قەساب گۆشت دەفرۆشێت



جووتیار زەوی دەکێڵێت



دارتاش کورسی دروست دەکات



بازرگان کوتاڵ دەفرۆشێت


Copyright © Kurdi.fi

# ڕاهـێـنان

ئەم ڕستانەی خوارەوەی تەواو بکە:

1. بازرگان .................................. دەفرۆشێت.
2. قەساب .................................. دەفرۆشێت.
3. دکتۆر .................................. چارە دەکات.
4. .................................. قوتابی فێر دەکات.
5. .................................. کورسی دروست دەکات.
6. .................................. زەوی دەکێڵێت.
7. .................................. دیوار دروست دەکات.


Copyright © Kurdi.fi



# هەموو کار دەکەن


کارزان جوتێ گا و چێڵ و مراوی و مریشک و کەڵەشێری هەبوو.



کەڵەشێر سپێدە زوو دەچووە سەر تەنووریّ بە دەنگی بەرز دەیخوێند: ققوو قوو قوو ...... ، لە خەو هەستن زوو بە زوو.



مراوی دەیگوت: غاک.. غاک.. غاک.. ، با بچین بۆ ناو ئاوی پاک.




مریشک دەیگووت: گار.. گار.. گار.. ، هێکان دەکەین بە هەزار.

جوجەڵە دەیگوت: جیو .. جیو .. جیو ..



گا دەیگوت: جوت .. جوت .. جوت .. ، با بچین بۆ کێڵگە بە جووت.

چێڵ دەیگووت: دۆش .. دۆش .. دۆش .. ، کابان تۆش وەرە بدۆش.




Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook





* ڕاقە و مانای وشەتازەکان:

کەڵەشێر : کەڵەباب، دیکل
سپێدە : بەیان زۆو
کابان : کەیبانوو
پێکڤە : پێکەوە، لەگەڵ

ڤـان : ئەمان، ئەوان
مراوی : سۆنە، ئۆردەک
پاک : خاوێن، تەمیس
کێڵگە : زەویوزار، مەزرا

---

* ئەوانە چ دەبێژن:

١- کەڵەشێر ____
٢- مراوی ____
٣- مریشک ____
٤- چێڵ ____
٥- جوجەڵە ____
٦- گاجوت ____
٧- چۆلەکە ____
٨- بولبول ____

---

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە سێ کەرەت بنووسەوە:

مریشک ..........
کەڵەشێر ..........
سپێدە ..........
تەنوور ..........
خەو ..........
چێڵ ..........
کێڵگە ..........
کابان ..........

---

* لە ناو دەفتەرەکەتدا جارێک لەو دەرسە بنووسەوە!



Copyright © Kurdi.fi



evinebook.blogfa.com

# تۆپ تۆپێن

ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە
من دێم لە دەستم ڕامەکە
تۆ تۆپی یاری کردنی
وەک کوولەکەی ڕۆحی منی
وەختێ کە چویتە ئاسمان
بانگ کە لە گەڵ من یەک زوبان
خۆش بێ وەتەن خۆش بێ وەتەن
بەرز بێ وەتەن بە عیلم و فەن



## ڕاهێنان

* جارێک لەو شێعرە بنووسەوە:

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

* ڕاڤە

| | |
|---|---|
| فتبۆڵ : تۆپی پێ | وەختێ : کاتێ |
| ڕامەکە : غارمەکە، هەڵمەیە | وەتەن : نیشتمان، وڵاتی خۆ |
| کوولەکە: کودی | عیلم : زانست |
| یاری : وازی، کایە | فەن : تێکنیک |

---

* هەر کام لەو وشانەی خوارەوە سێ کەڕەت بنووسەوە:

تۆپتۆپێن ..............................................................

ڤالیبۆڵ ..............................................................

باسکتبۆڵ ..............................................................

ئاشەبەتەنوورە ..............................................................

بازبازێن ..............................................................

مووشێن ..............................................................

---

* هەر کام لەم وشانە خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

نیشتمان ..............................................................

ئاسمان ..............................................................

زمان ..............................................................

بەرز ..............................................................


تۆپ ..............................................................

Copyright © Kurdi.fi



# بۆق و چێڵ





ڕۆژێ بۆقێک لە ناو مێرگێکدا وازی دەکرد، چێڵێکی دیت دەیقۆڕاند.

بۆقەکە بە چێڵەکەی گوت: «تۆ مەزنی و ئەز بچووکم، بەڵام دەنگی من لە دەنگی تۆ خۆشترە».

چێڵ گوتی: «من شیر و ماست و نڤیشک و پەنیرم هەیە، چەرمی من بۆ مەشکە و پێڵاو بە کار دێت».

بۆقەکە پێکەنی و گوتی: «قیرڕقیرڕ! منیش سترانبێژی ئەم مێرگەم، لە ڕاوەمێش و پێشکەدا گەلەک ئازام».

چێڵ گوتی: «کەواتە هەردووکمان بەسوودین».

---

* ڕاڤە

لەناو : لە ناڤ
چێڵ : مانگا
مەزن : گەورە
نڤیشک : ڕۆنی کەرە
سترانبێژ : سترانڤان، گۆرانیبێژ، قامبێژ
پێشکە : مێشوولە، تۆفانە
ئەز : من، ئەمن

گەلەک : گەلێک، زۆر، زاف، فرە
بەسوود : بەکەڵک، بەقازانج
مێرگ : چیمەن، گیاجاڕ
چەرم : پێستی ماڵات
پێڵاو : پێتاو، کەوش، هەرچی دەکرێتە پا
مەشکە : خیگە، پێستی حەیوان کە ماستی تێدا دەژێنن.

Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


* ڕاهێنان

1. ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە:

- ڕۆژێ بۆقێک .............................. مێرگێکدا .............................. دەکرد.
- منیش .............................. بێژی ئەم مێرگەم.
- .............................. مەزنی و ئەز .............................. .

2. بە باوەڕی تۆ دەنگی بۆق خۆشترە یان چێڵ؟ ..............................

3. هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەکەیەکدا بەکار بێنە:

گەلەک ..............................

ستران ..............................

خۆش ..............................

4. هەر کام لەم وشانەی خوارەوە سێ کەڕەت بنووسەوە:

چێڵ ..............................

مێرگ ..............................

مەزن ..............................

بچووک ..............................

پێڵاو ..............................

نڤیشک ..............................

مەشکە ..............................




Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

# دار گـویـێز



لە کوردستان گەلێک دار گوێز هەنە. دارگوێز دارێکی گەلێک مەزنە. منداڵ حەز لە گوێز دەکات.

گوێز وەکوو ماتان خڕە، منداڵان یاری پێدەکەن.

کاکڵەی گوێز لە گەڵ مێوژ و خورما دەخۆن.

لە دار گوێز گەلێک کەلوپەلی ناو ماڵ درووست دەکرێت؛ بۆ وێنە مێز، کورسی، پەڕلان و زۆر شتگەلی دێکۆڕی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.



پەڕلان

* ڕاڤە

| | | |
|---|---|---|
| مات | : | مەڕمەڕ، هەڵمات، زەق |
| هەنە | : | هەیە |
| کاکڵەگوێز | : | ناوکەکەی، ناوەکەی |
| مـێوژ | : | ترێی لەبەر تاو ویشک کراو. |
| پەڕلان | : | کتێبخانە، شوێنی کتێب هەڵگرتن. |

Copyright © Kurdi.fi

* ڕاهێنان

1. دار گوێز لە کوێ هەنە؟ ..............................................................

2. گوێز لە چ دەچێت؟ ..............................................................

3. کاکڵەگوێز لە گەڵ چ دەخورێت؟ ..............................................................

4. لە دار گوێز چ شتگەلێک درووست دەکرێت؟ ..............................................................

..............................................................

---

5. ئەم وشانەی خوارەوە بخوێنەوە و سێ جاریان لێ بنووسەوە:

کاکڵەگوێز ..............................................................

مێوژ ..............................................................

گەلەک ..............................................................

پەڕلان ..............................................................

ژیان ..............................................................

---

* لە دەفتەرەکەتدا جارێک لەو دەرسە بنووسەوە!




Copyright © Kurdi.fi

# بەرخەکەم



بەرخەکەم نەرم و نۆڵە
پەروەردەی هەرد و چۆڵە
لە یاری توند و تۆڵە
خوریەکەی سپی و سۆڵە
ئێسک سووکە و خنجیلە
دووگ شۆڕە و گوێ کەڕیلە
باعە باعی ناوماڵی
ساز و سەنتوور و زیلە



Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


# پەری

## بەرگ دەدروێت



پەری کیژێکی جوان و ژیرە. جارەک دایکی پەری بووکێکی بۆ پەری کڕی. بووکەکە کراسێکی سادەی لەبەردا بوو، پەریش هەندێ والآی هێنا و کراسێکی نەخشینی بۆ دروو. ئەنجا کردیە بەری و بردی بۆ لای دایکی و گوتی:

دایە گیان بووکەکەم جوانە؟

دایکی گوتی: ئافەرین.. ، بەڕاستی گەلێک باش فێری درومان بوویت.

* ڕاڤە

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرگ | : | جل، لیباس | نەخشین | : | جوان و ڕەنگاوی |
| جارەک | : | جارێک، کەڕەتێک | والآ | : | پارچەی ڕەنگاورەنگ |
| ژیر | : | ئاقڵ، زانا، بەئاوەز | ئافەرین | : | ئافەرم، دەس‌خۆش، باریکەڵلا |
| بووک | : | بوکڵە، بووکەڵە | گەڵێک | : | گەلەک، زۆر |




Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

## ❊ ڕاهێنان

1. دایکی پەری چی بۆ پەری کڕی؟ ..............................

2. کراسی بووکەکە لە پێشدا سادە بوو یا نەخشین؟ ..............................

3. دایکی پەری چی گوت؟ ..............................

4. تۆ پێتخۆشە فێری درومان بیت؟ بۆ؟ ..............................

..............................

---

5. ئەم وشانەی خوارەوە بخوێنەوە و سێ جاریان لێ بنووسەوە:

جارەک ..............................

کیژ ..............................

ژیر ..............................

نەخشین ..............................

سادە ..............................

والا ..............................

ئافەرین ..............................


---

❊ لە دەفتەرەکەتدا جارێک لەو دەرسە بنووسەوە!




Copyright © Kurdi.fi

# حاجیلەقلەق مار هات



ڕۆژەک لە ڕۆژان، حاجیلەقلەق لە ناو زەلکاوێکدا لە نێچیر دەگەڕا، تا بیکاتە فراوینی بێچووەکانی. لە ناکاو مارێک فیشکاندی و گوتی: حاجیلەق بە لەقەلەق! کەنگێ دەیکەی بە تەقەتەق؟

حاجیلەقلەق گوتی: ئەوە دەیکەم بە تەقەتەق. پڕی دایە و گرتی و بردیەوە ناو هێلانەکەی خۆی، بۆ ئەوەی کە بیکاتە خواردنی بێچووەکانی..



---

* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

زەلکاو: زۆنگ، باتلاغ
نێچیر:ڕاوشکار، ئەو گیانلەبەرەی بەڕاو دەگیرێ
فراوین: جەمی نیوەڕۆ، خواردنی نیوەڕۆ (نەهار)

فیشکاندی : هاشەی هات (فیشاندنی مار)
پڕیدایە: خۆی پێدادا، گرتی و ڕفاندی
کەنگێ: کەی، چ وەخت، چ کات

---

* ئەو دەرسە کەرەتێک لە ناو دەفتەرەکەتدا بنووسەوە!


Copyright © Kurdi.fi

* وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. حاجیلەقلەق لە ناو زەلکاوەکەدا لە چی دەگەڕا؟ ..........

..........

2. مەبەست لە فراوین چیە؟ ..........

3. مارەکە چی بە لەقلەقەکە گوت؟ ..........

..........

..........

4. ئەی لەقلەق لە وڵامی مارەکەدا چی وت و چی کرد؟ ..........

..........

..........

4. ناوی پێنج ئاژەڵ و باڵندە بنووسە: ..........

..........

---

* وەک نموونەکە، بزانە ئەو پیتانەی خوارەوە بەیەکەوە چ وشەیەکیان لێ درووست دەبێت:

نموونە: م ـ ا ـ ر ← مار

ز ـ ە ـ ل ـ ک ـ ا ـ و ← ..........

ل ـ ە ـ ن ـ ا ـ ک ـ ا ـ و ← ..........

ل ـ ە ـ ق ـ ل ـ ە ـ ق ← ..........

ن ـ ێ ـ چ ـ ی ـ ر ← ..........

ف ـ ر ـ ا ـ و ـ ی ـ ن ← ..........

Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com

KURDISHeBook



⁕ هەرکام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

مار ..................................................................................................

لەقلەق ..................................................................................................

فراوین ..................................................................................................

ڕۆژ ..................................................................................................

نێچیر ..................................................................................................

تەقەتەق ..................................................................................................

کەنگێ ..................................................................................................

---

⁕ ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە و دواییش لە دەفتەرەکەتدا بیاننووسەوە:

مار دەفیشکێنێت.

پشیلە دەمیاوێنێت.

سەگ دەوەڕێت.

گورگ دەلوورێنێت.

ئەسپ دەحیلێنێت.

کەر دەزەڕێنێت.

کەو دەقاسپێنێت.

بولبول دەخوێنێت.

کۆتر دەگمێنێت.





Copyright © Kurdi.fi

evinebook.blogfa.com



# چاویلکەی نەنکم

نەسرین گوتی: نەنکم گەلێک پیرە، هەموو کەس ناوی ناوە داپیرە، چاوی کز بووە و چاویلکە دەکاتە چاوی.

شەوێک من و شنەی خوشکم لە لای داپیرە دانیشتبووین، گوتمان: داپیرە گیان چیرۆکێکی خۆش بۆ مە بێژە.

نەنە گوتی: چاویلکەی من بزر بووە، بگەڕێن بزانن لە کوێیە، تا چیرۆکێکی خۆش بۆ ئێوە بێژم.

ئێمەش زۆر گەڕاین دیار نەبوو، لە پاشان نۆڕیمان چاویلکەکە بەسەر سەریەوە بوو.

هەموو پێکڤە دامانە قاقای پێکەنین و گوتمانە نەنێ: ئەدی ئەوە نیە بەسەرتەوەیە!

ئەویش دەستی بۆ سەری خۆ برد و دایە قاقای پێکەنین.

---

* ڕاڤە

| | |
|---|---|
| لەلای : لە کن، لەنک | پێکڤە : پێکەوە |
| بۆ مە : بۆ ئێمە | داپیرە : دایە گەورە، نەنە |
| بێژە : بڵێ | چیرۆک: حیکایەت، قەیات |
| بزر بووە: ون بووە، گوم بووە | چاویلکە: عەینەک |


Copyright © Kurdi.fi

※ ڕاهێنان

1. مرۆڤ دەبێژێت.

- کەڵەشێر ........................................ .
- بەراز ........................................ .

گورگ ........................................ .
بولبول ........................................ .

---



2. ئەو وشانە بخەوە جێی خۆیان:

قاقای پێکەنین، گەلێک، من

- نەنە گوتی: چاویلکەی ........................................ بزر بووە.
- نەنکم ........................................ پیرە.
- هەموو پێکڤە دامانە ........................................ پێکەنین.

---

3. هەر کام لەم وشانە سێ کەڕەت بنووسەوە:

چاویلکە ..............................................................................................................................

دانیشتبووین ..............................................................................................................................

داپیرە گیان ..............................................................................................................................

چیرۆکێکی خۆش ..............................................................................................................................

کوێ ..............................................................................................................................

---

4. ئەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەکەیەکدا بەکار بێنە:

دەبێژم ..............................................................................................................................

شەوێک ..............................................................................................................................

من ..............................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

# شەماڵ نان دەکڕێت



شەماڵ کوڕێکی زیرەکە، لە پۆلی دووهەم دەخوێنێت. دەزانێت وەرزێر گەنم بەرهەم دێنێ. لە پاشان گەنم لە ئاش دەهێڕن و دەیکەن بەئارد. ئاردیش دەکرێ بە هەویر و لە هەویریش نان دەپێژن.

شەماڵ ڕۆژێک چوو لە بازاڕ نان بکڕێت. ڕیزی گرت تا نۆرەی گەیشتێ، پارەی بە نانەوا دا و شەش نانی گەرمی کڕی و گەڕایەوە ماڵێ.

دایکی گوتی: سوپاس شەماڵ گیان.

* ڕاڤە

| | |
|---|---|
| ئاش : ئاسیاو | زیرەک : بە هۆش |
| دەهێڕن : دەهاڕن، وردی دەکەن | گەلێک : زۆر |
| دەپێژن : نان دەکەن | ریزگرتن : لە نۆرە ڕاوەستان |

Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook




* ڕاهێنان

1. گەنم لە کوێ دەهێڕن؟

2. نان لە چ دەپێژن؟

3. دایکی، بۆ سپاسی لە شەماڵ کرد؟

4. ئەم ڕستانە پڕ کەوە:

- ڕیزی گرت تا نۆرەی ................................ .
- ئەنجا گەنم ................................ بە ئارد.

---

5. ئەم وشانە خوارەوە بخوێنەوە و دوو جاریان لێ بنووسەوە:

- سوپاس. ................................................................
- ڕۆژباش. ................................................................
- شەوباش. ................................................................
- ژیانتباش. ................................................................
- خۆشهاتیت. ................................................................
- ئێوارەتباش. ................................................................

---

6. هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بە کار بهێنە:

وەرزێر ................................................................

زیرەک ................................................................

گەیشتن ................................................................


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

# پشیلە میوانە



گوڵاڵە و هەتاف دەستەخوشکن، هەمیشە پێکەوە یاری دەکەن.

ڕۆژێک گوڵاڵە پشیلەکەی خۆی بۆ کایەکردن هێنایە ژوورێ. کراسێکی نەخشینی لەبەر کرد و لەسەر کورسی دانا و پێی گوت: میوان بەخێر هاتیت.

پشیلە گوتی: میاو.. میاو.. ، گوڵاڵە بە شۆخی بە هەتاقی وت ئەمە ئەڵێ: ئاو.. ئاو!

ئەوانیش بە گاڵتە لە بری ئاو چایان بۆ دانا.

پشیلەش کە زانی ئەوە خەریکن گەمەی پێدەکەن ڕایکرد و ڕۆیی.

کچەکانیش دایانە قاقای پێکەنین.

لە دواییدا هەتاف گوتیە گوڵاڵە:

دەبوو گاڵتەی پێنەکەین، چونکە میوان خۆشەویستە...

---

* ڕاڤە

دەستەخوشک : دۆستایەتی و خۆشەویستی - لە نێوان دوو ژن یان کچ بە یەکەوە.

قاقای پێکەنین: پێکەنین بە دەنگی - بەرزەوە.

گاڵتە : گەمە، یاری، کایە، وازی.

لە بری : لەباتی، لەجیاتی.

ڕایکرد : هەڵات.

هەتاف : خۆر، هەتاو ؛ (لێرەدا ناوی کچە).

هەمیشە : هەمووکات

ئەوانیش : وانیش

پێکەوە : پێکڤە، لەگەڵیەک


Copyright © Kurdi.fi

## ڕاهێنان

1. ئەم نیشانەیە ( ٪ ) لە پێش وڵامە ڕاستەکە دابنێ:



* گوڵاڵە چی بۆ میوانەکە هێنا؟
- سێوی بۆ هێنا.
- چای بۆ هێنا.
- هەناری بۆ هێنا.

---

2. ئەم وشانەی خوارەوە بخوێنەوە و هەر کامیان دوو کەڕەت بنووسەوە:

- پشیلە هەڵات ..........................................................................
- کۆتر هەڵفڕی ..........................................................................
- پیاوەکە هەڵات ..........................................................................
- ڕۆژ هەڵهات ..........................................................................
- ڕۆژهەڵات ..........................................................................

---

3. هەر کام لەم وشانەی خوارەوە بخە ناو ڕستەیەکەوە:

پشیلە ..........................................................................

دەستەخوشک ..........................................................................

ئاو ..........................................................................

خۆشەویست ..........................................................................

گاڵتە ..........................................................................


Copyright © Kurdi.fi

# باران



ساڵێکیان باران نەدەباری، خەڵک لە گرانی دەترسان و لە باران دەدوان.

ڕۆژێک دارا لە بابی خۆی پرسی:

بابە .. باران سوودی چیە؟

بابی گوتی: «باران سوودی زۆرە»، چونکە:

زەوی پاراو دەکات،

دەغلۆدان شین دەکات،

شیر و ماست زۆر دەکات و

فەقیر تێر دەکات.

دارا گوتی: «کە واتە بۆیە منداڵان کۆ دەبنەوە و دەڵێن»:

هەیاران و مەیاران
یاخوا داکاتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران

---

* ڕاڤە

| | |
|---|---|
| سوود : قازانج | دەغلۆدان: دانەوێڵە |
| دەدوان : قسەیان دەکرد | فەقیر : هەژار، نەدار |
| پاراو : تێرئاو، تێراو | کە واتە : کە وایە |
| ڕۆژەک : ڕۆژێک | گرانی : نەبوونی، قاتوقڕی |
| باب : باوک | منداڵان : زارۆکان |




Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook




* ڕاهێنان

1. باران ببارێت باشە یان نەبارێت؟

2. خەڵک لە چ دەترسان؟

3. زەوی بە چ پاراو دەبێت؟

4. ئەمانە تەواو بکە:

هەیاران و ..................................

.................................. داکاتە باران

بۆ فەقیر و ..................................

---

* ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە و سێ جاریان لێ بنووسەوە:

- فەقیر و دەوڵەمەند ..................................
- گەرم و سارد ..................................
- شەو و ڕۆژ ..................................
- ڕەش و سپی ..................................
- تاریک و ڕوون ..................................


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

# زێڕی ڕاستەقینە






جووتیارێکی زانا، هەستی پێکردبوو کە وادەی مردنی هاتووە. بۆیە منداڵەکانی بانگ کرد و پێی گوتن: ڕۆڵەکانم ئاگاداربن دەست لە زەویی باب و باپیرانتان هەڵنەگرن، چونکە زێڕ و ئاڵتوونێکی زۆری تێدایە. بەڵێ ڕاستە من شوێنی زێڕەکە پێ نازانم، بەڵام دڵنیام ئەگەر بە وردی و بە باشی زەویەکە بکێڵن و چاکی بکۆڵن ئەوە ئاڵتوونەکان دەبیننەوە. نابێ هیچ شوێنێکی تێدا بەجێ بهێڵن و هەموو جێیەکی بە جوانی بپشکنن تا دەیبیننەوە.

منداڵەکان پاش ئەوەی باوکیان مرد، هەردەکەیان سەرتاسەر کێڵا. ئەم لا گەڕان، ئەو لا گەڕان، جێگایەک نەما نەیکۆڵن و چاوی لێنەکەن و نەیپشکنن.

ماوەیەک تێپەڕی و لەو ماوەیەشدا بارانێکی باش بە سەر زەویەکەدا باری. زەویەکەیان سەوز بوو و پێگەیشت، ئەو ساڵە هەردەکەیان بەرهەم و داهاتێکی باشی لێکەوتەوە، بە چەشنێک کە دوو قات لە ساڵانی پێشتر زیاتر بوو.

ڕاستە، مناڵەکان لە کاتی کێلانی زەویەکە هیچ شتێکی شاراوەیان نەدۆزیەوە. بەڵام، باوکەکەیان زۆر زانا بوو کە پێش مردنی خۆی پێی گوتبوون: ناو زەویەکە زێڕێ تێدایە. چوونکە لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوە بوو کە مناڵەکانی کاری تێدا بکەن و بیکێڵن، بۆ ئەوەی بەرهەمی زەویەکەیان لە جاران زۆر باشتر ببێت.





# گورگی ناڵبەند

ڕۆژێ ئەسپێک لە ناو مەزرایەکدا گیای دەخوارد. لە ناکاو گورگێکی لێ پەیدا بوو. گورگەکە لووراندی و گوتی: من ناڵبەندم، من ناڵبەندم! ئەسپ ناڵ دەکەم، ئێستر ناڵ دەکەم! کێ دەیهەوێت ناڵی بکەم؟

ئەسپەکەش کە زانی مامگورگ نیازی خراپە، حیلاندی و گوتی: فەرموو پاشووی من ناڵ بکە. مامگورگ هات بیخوات، بەڵام ئەسپەکە لەو زیرەکتر بوو لە ناکاو جوتکێکی هاویشتێ و دەم و ددانی تێکهاڕی.

مامگورگ بە لووره لوور بۆی دەرچوو.

* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

جووتک: جووتە، لەقە، لووشک

مەزرا: کێڵگە، مووچە، جێگەی شت لێ چاندن

پاشوو: پەلی دوواوە، قاچ یان لاقی پشتەوە

دەم و ددانی تێکهاڕی: دەم و ددانی تێکشکاند.



ناڵ

❊ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. مامگورگ چی بە ئەسپ گوت؟ ..................................................

..................................................

..................................................

2. مامگورگ بۆچی گوتی من نالبەندم؟ ..................................................

..................................................

..................................................

3. لە ئەسپەکە و گورگەکە، کامیان زیرەکتربوون؟بۆ؟ ..................................................

..................................................

..................................................

لە ئەسپ و گورگ کامیان خێراترن؟ ..................................................

---

❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

ئەسپ ..................................................

گورگ ..................................................

نالبەند ..................................................


خێرا ..................................................

زیرەک ..................................................

مەزرا ..................................................

تێکۆشان ..................................................

سروشت ..................................................




Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook





# کاوە دەفڕێت



دڵێر بە کاوەی برای گوت: دەخوازیت بە سواری کۆلارە بچیت بۆ قوتابخانە؟

کاوە گوتی: چاوا کۆلارە دەتوانیّ من هەڵگریّت؟

دلێر گوتی: تۆ ڕاوەستیّ، ئیّستا بەم کۆلارەیە خۆت و جانتات بۆ ئاسمان بلّند دەکەم!

ئەنجا دلّێر ویّنەی کاوەی برای و جانتاکەی کیّشاوە،بە کۆلارەکەیەوە نووساند و هەڵی دا تا زۆر بەرز بۆوە.

کاوە پیّکەنی و هاواری کرد: دامبگرە... دامبگرە! برا، ئەز بە ئاسماندا ناچم بۆ قوتابخانە.

* ڕاڤە و لیّکدانەوەی وشەکان:



دەخوازیت: دەتەویّت
کۆلارە: بادەوە، تەیارەی کاغەز
بلّند: بەرز
چاوا: چۆن
هاوار کرد: گازی کر

چانتا: کیف
هەڵی دا: دە حەوای کرد
بەرز: بلّند
ئەز: من
دام بگرە: بمهیّنە خواریّ


Copyright © Kurdi.fi

evinebook.blogfa.com

❊ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. دلێر چی بە کاوەی گوت؟ ..........................................................

..........................................................

..........................................................

2. کاوە چ وەڵامێکی داوە بە دلێر؟ ..........................................................

..........................................................

..........................................................

3. کاوە .................... و .................... کرد: .................... ! برا .................... بە -

.................... ناچم بۆ .................... .

---

❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

کۆلارە ..........................................................

گوتی ..........................................................

دەخوازیت ..........................................................

دەتوانیت ..........................................................

جانتا ..........................................................


هەڵی دا ..........................................................

قوتابخانە ..........................................................

هاوار ..........................................................

Copyright © Kurdi.fi

# کوژاندنەوەی ئاگری تەلەیزوون



1

یەکەم کار ئەوەیە کە سیمی تەلەیزوونەکە - زوو لە بەرق یان کارەبا دەربهێنین.

ڕەنگە بەو کارە ئاگرەکە بکوژێتەوە.



2

دووهەم کار ئەوەیە کە بە پەلە (زوو) پەتوو یان بەتانیەک بە ئاگرەکە دابدەین.

بەو کارەش ڕەنگە ئاگرەکە بکووژێتەوە. یان لانی کەم ئاگرەکە کەم دەبێتەوە و لەو ماوەیەدا ئێمە دەبێ زوو وەدوای یارمەتی بکەوین.


Copyright © Kurdi.fi

3



دەکرێ سیمەکە زوو لە بەرق ( کارەبا )
دەربهێنین و دوایی کەمێک ئاو بەو
جێگایەدا بکەین کە ئاگری گرتووە.

4



کەپسولی ئاگرکوژێننەوە کەرەسەیەکی زۆر
باشە بۆ ئاگر کوژاندنەوە. دیسان نابێ لە
بیرمان چێت کە لە پێشدا حەتمەن سیمەکە لە
بەرق دەربهێنین.

Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com

KURDISHeBook

# کەر و دەنگی خۆش

نووسینی: ئەمیری حاجی داود

(ئاڵوگۆڕکردنی: میدیا)



کەرێک دەنگی خۆی پێ خۆش نەبوو، بە تایبەتیش کاتێ دەنگی خۆی لەگەڵ دەنگی ئاژەڵەکان و باڵندەکانی تردا بەراورد دەکرد.

ئێوارەیەکی هاوین، گوێی لە دەنگی کۆمەڵێک سیسرکە بوو کە بە یەکەوە گۆرانیان دەگوت. کەرەکە لە دەنگخۆشی سیسرکەکان سەری گەلێک سوور ما. کەرەکە خۆی پێ ڕانەگیرا و لە یەکێک لە سیسرکە بچووکەکانی پرسی :

- ئەرێ ئێوە چی دەخۆن کە دەنگتان وا خۆش و زوڵاڵە؟

سیسرکەیەکیان وەڵامی دایەوە و گوتی:

- ئێمە خواردنمان نیە و تەنیا ئاوی پیس دەخۆینەوە!

ئیتر لەو کاتەوە کەرەکە بۆ ئەوەی دەنگی خۆش بێت، دەستی لە خواردن هەڵگرت و تەنیا ئاوی پیسی دەخواردەوە، تا لە ئەنجامدا لە برسان تۆپی.

ئەمەیە چارەنووسی هەندێک کەسە، کە بۆ گەیشتن بە هەندێک پلە و پایە، ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسی و ئازاری بێ واتاوە، کە لە ئەنجامدا زیان بە ژیانی خۆیان دەگەیەنن.

Copyright © Kurdi.fi

evinebook.blogfa.com

# باڵـنـدە و تفەنگ



کاکە ڕەوەنـد دوو کـوڕی مـەزن و کیژێکـی بچووکی هەیە. یـەک نـاوی هەنـدەرێن و ئـەوی تریشـیان نـاوی چـیایە، کەنیشـکەکەش نـاوی چنوورە.

لـە بـەر دەرکـی ماڵەکـەیان، دار گـوێزێکی گـەڵێک مـەزن هـەیە. هەمیشە مەل و باڵندەی دەنگخـۆش لـە سـەر لقوپـۆپی دارەکـە هەڵدەنیشن و دەخوێنن، کە چنوور دڵی بە وان گەلێک خۆشە.

ڕۆژێـک، چنـوو لای بـاوکی دەگـری و دەڵـێ: ئەم بەیانیە هەر من لە ماڵ بووم، بینیم کە کابرایەکی تفـەنگ بەدەسـت سـیلەی گرتـە دارگـوێز و چـوار باڵنـدەی جـوان و بەستەزمانی کوشت.

کاکە ڕەوەند فرمێسکی چنووری سڕی و گوتی: بەڵێنت پێدەدەم، لەمەولا هەر کەسێ ببینم لەو کۆڵانەدا تفەنگ بگرێتە باڵدار، یان بە شێوەیەک ئازار بگەیەنێتە مەلە بێدەسەڵاتەکان، یان دارکاری بکەم، یانیش بۆ بە سزا گەیاندنی بە بەرپرسانی یاسایی شارەکەمانی بناسێنم.


Copyright © Kurdi.fi



* ڕاقە و لێکدانەوەی وشەکان:

مـەزن: گەورە

کیژ: کەنیشک، کچ

کەنیشک: کچ، کیژ

سـیلەی گرتووە : نیشانەی گرتووە

مەل: باڵندە

فرمێسک: ئەسرین

بەرپرس: خاوەنڕا

یاسا: قانوون

* وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. کاکە ڕەوەند چەن کوڕ و کچی هەبوو؟ ناویان چی بوو؟ ..........

..........

2. لەبەر دەرکی ماڵەکەیان چی هەبوو؟ ..........

..........

3. چنوور بۆ دەگریا؟ ..........

..........

4. کاکە ڕەوەند چ بەڵێنێکی بە چنوور دا؟بۆ؟ ..........

..........

..........

..........

5. هەمیشە مەل و باڵندەی .......... لە سەر .......... ـ هەڵدەنیشن و .......... ، کە چنوور دڵی بە وان ...........

Copyright © Kurdi.fi

❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە جارێک بخوێنەوە و سێ کەرەت بنووسەوە:

باڵندە ..............................

دارگوێز ..............................

دەنگخۆش ..............................

لقوپۆپ ..............................

بێدەسەڵات ..............................

بەڵێن ..............................

دەخوێنن ..............................

فرمێسک ..............................

جوان ..............................



❊ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

باڵندە ..............................

دارگوێز ..............................

دەنگخۆش ..............................

لقوپۆپ ..............................

بێدەسەڵات ..............................

بەڵێن ..............................

دەخوێنن ..............................

فرمێسک ..............................

جوان ..............................

Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook




# ڕووخۆشی
# خوشکم

ڕووخۆشی خوشکم گەلێک بچووکە و تەمەنی پێنج ساڵە. هێشتا نەچۆتە قوتابخانە. نازانێ وەک من بنووسێ و بخوێنێ. یاری بە لەیستۆک دەکات. لە گەڵ فیلە پەڕۆکەی خۆی یاری دەکات، گوڵدان ئاو دەدات و تۆپێکی هەیە گەمەی پێدەکات.

جارجار کاغەز و قەڵەم لە من دەستێنێ و خەریکی وێنەکێشانەوە دەبێت. ڕووخۆش فێر بووە لە ژمارەی یەکەوە تا دە بنووسێ و زۆر لە پیتەکانیش دەناسێ.

سترانی بەهاریش دەزانێت و بە دەنگی خۆش بۆمان دەخوێنێت. دایکم ناوی ناوە ڕووخۆشی دەنگخۆش.

هەمووکەسێ ڕووخۆشی خۆش دەوێت.

* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

لەیستۆک: بووکەڵە، بووکەشووشە، بووکەچینی
لەگەڵ: کێڵگە، لهتەک
ستران: گۆرانی

گەلێک: زۆر
گەمە: کایە، یاری، قومار
وێنەکێشانەوە: نەقاشی کرد

Copyright © Kurdi.fi

evinebook.blogfa.com

⁕ ئەو ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە:

ڕووخۆشی ................ گەلێک ................ .

نازانێ وەک من ................ و ................ .

یاری بە ................ دەکات.

فێر بووە لە ژمارەی ................ تا دە ................ .

ڕووخۆش ................ ئاو دەدات.

---

⁕ پرسیار:

1. کێ زۆر بچکۆڵەیە؟ ................
2. ڕوخۆش چەن ساڵە؟ ................
3. ڕوخۆش بە چی گەمەی دەکرد؟ ................
4. ڕوخۆش کاغەز و قەڵەمی بۆ چیە؟ ................
5. کێ ڕوخۆشی خۆش دەویت؟ ................
6. ڕوخۆش چ گۆرانیەک دەزانێت؟ ................
7. دایکی چ ناوێکی لە ڕوخۆش ناوە؟ ................

---

⁕ هەر کام لە ناو ڕستەیەکدا بە کار بهێنە:

خوشک ................

نووسین ................

خوێندنەوە ................

گوڵدان ................

قەڵەم ................

ژمارە ................

پیت ................

ستران ................

Copyright © Kurdi.fi

# سمۆره

(هۆنراوەی فۆلکلۆر)



سمۆره کلکی زەردە

چاوی جوان و بێ گەردە

گوێی قوتە و پشتی بۆرە

وریایە و فێڵی زۆرە

ئەی سمۆرەی دارەوان

گوێز زۆر خۆشە بۆ زستان

هی زلزل بشارەوە

بیخە کونی دارەوە

Copyright © Kurdi.fi

# یاری



یاری کە، ڕاکە، پێکەنە

جلی بێکاری داکەنە

ڕەگی سستێتی هەڵکەنە

یاری کە، ڕاکە، پێکەنە

تۆپێن و کەوشەک و شەقێن

یاریەکی زۆر جوان و بە جێن

تەوژم و تین ئەدەن بە خوێن

یاری کە، ڕاکە، پێکەنە

Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


# مەتەڵ

دا بزانە چیە؟ خۆشە مەتەڵم
بیری لێبکەوە مەڵێ تەنبەڵم
گیانلەبەرێکە مەلەوانی گۆم
زۆر جاران دیوتە لە ڕووبار و چۆم
بێ لاق و دەستە، بێ چرپە و هەستە
لە شەپۆل برین وەکوو مەقەستە
باڵیشی هەیە بەڵام نافڕێ
زاریشی هەیە و هەرگیز ناقڕێ
پووڵەکە لە پشت ناترووکێ چاوی
بە تۆڕ و قولاب دەچینە ڕاوی
ئەگەر پێت ناکرێ هێشتا بیناسی
دەتخەمە ناو ئاو، دەتکەم بە ماسی





Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

## * ڕاڤە

مەتەڵ : لیچار، لەگەز
تەنبەڵ : تەوەزەل
گیانلەبەر : زیندوو، گیاندەبەر
چۆم : چەم
لاق : پا، پێ
زار : دەم

مەلەوان : مەلەزان
هەرگیز : قەت
پووڵەکە : پووڵک
ناترووکێ : ناقووچێ
چرپە : دەنگی سەبر؛ سرتە کردن
هەست : ئاگا، حەس



---

## ڕاهێنان

* ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە و دوو جاریان لێ بنووسەوە:

- چکچکی سەعات ........................................
- تەقەتەقی دەرگا ........................................
- لوورەلووری گورگ ........................................
- گڤەگڤی با ........................................
- وڕەوڕی ئوتومبێل ........................................
- بڵقەبڵقی ئاو ........................................
- شۆڕەشۆڕی ئاو ........................................
- نەڕەنەڕی شێر ........................................
- گرمەگرمی هەور ........................................


Copyright © Kurdi.fi

# سەردار
# شوێن ئۆتومبێل دەکەوێت

سەردار لە گەڵ هاڤاڵەکانیدا بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، چاویان بە ئۆتومبیلێ کەوت کە لە پێشیانەوە دەڕۆیشت. سەردار لە پێشیدا ڕای کرد و خۆی پێوە هەڵواسی، بەڵام لە بەر ئەوەی کە نەیتوانی دابەزێت کەوتە خوارەوە و دەستێکی شکا.

هاڤاڵەکانی هەڵیان گرتەوە و گەیاندیانەماڵەوە. کە باوکی چاوی پێکەوت، گوتیە سەردار: «کوڕم لەمەو پاش دوای ئۆتومبێل نەکەویت».

سەردار گوتی: : «تۆبە بێت بابە گیان، ئیتر هەرگیز دوای ئۆتومبێل ناکەوم».



* ڕاڤە

هاڤاڵ : هاوڕێ

لەمەو پاش : لەمەو دوا

هەرگیز : قەت

بەشوێنیدا : بەدوایدا

دابەزین : هاتنەخوارەوە

ئۆتومبێل : ماشێن، سەیارە، ئەڕابە

Copyright © Kurdi.fi

* ڕاهێنان

1. سەردار بۆچی دەستی شکا؟

2. باوکی سەردار چی گوت؟


3. ئەمانە تەواو بکە:

سەردار گوتی: « .................... بابە گیان، ئیتر .................... دوای .................... ناکەوم ».

---

* ئەم وشانەی خوارەوە بخوێنەوە و سێ جاریان لێ بنووسەوە:

- هەڵگرت ..........................................................
- هەڵواسی ..........................................................
- هەڵدڕی ..........................................................
- هەڵفڕی ..........................................................
- هەڵهات ..........................................................





Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook






# خەونێکی خۆش

سمکۆ قوتابیەکی ژیرە. ڕۆژێ کتێبێکی پڕنیگاری، لە کتێبخانەی قوتابخانەکەیان بە ئەمانەت وەرگرت. شەوێ لە ماڵە خۆی یەک یەک نۆڕیە نیگارە جوانەکان، تا چاوی چووە خەو. شەو لە خەونیدا، خۆی لە ناو دارستانێکدا دیت. سەیری کرد شێر، پڵنگ، مەیموون، هەڵۆ، کوندەپەپۆ، کەو، ڕێوی، فیل، زەڕافەی مل درێژی بەڵەک، لە گەڵ چەن ئاژەڵێکی تر هاتوون بە پیریەوە و میوانداری لێدەکەن. کە گەیشتنە یەک، سمکۆ گوتی: ئای! ئەمە ئێوەن؟ چۆنن؟ چاکن؟ ئەوە لێرە چی دەکەن؟ خۆ ئێوە لە ناو کتێبەکەمدا بوون!

لە خۆشیان لە قاقای پێکەنینی دا! ئیتر بە دەنگی پێکەنینی خۆی وەخەبەر هات.



 Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

قوتابخانە: فێرگە، شوێنی خوێندن
کتێبخانە: جێگەی کتێب، پەڕلان
دارستان: لێڕەوار، جەنگەڵ
نۆرِیە: ڕوانی، سەیری کرد

بەڵەک: پەڵەپەڵە، بازوو، دوو ڕەنگ
ئاژەڵ: زیندەوەر، گیانلەبەر
خەون: خەوبینین
نیگار: وێنە



---

* وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. سمکۆ کتێبی لە کوێ وەرگرت؟ ..........
2. سمکۆ لە خەودا چی بینی؟ ..........
..........
..........
3. ئەرێ ئێوە بێجگە لە کتێبی قوتابخانە، کتێبی تر دەخوێننەوە؟ بۆ؟ ..........
..........
..........
4. ناوی پێنج ئاژەڵ و پێنج باڵندە بنووسە کە لێرەدا ناویان نەهاتووە: ..........
..........
..........
5. ئەو دەرسە جارێک لە ناو دەفتەرەکەتدا بنووسەوە!


---

* وەک نموونەکە، پاشگری (خانە / دان) لەم وشانەی ژێرەوە زیاد بکە:

کتێب: کتێبخانە
چا: ..........
قەند: ..........
چای: ..........

چێشت: ..........
خەستە: ..........
کەباب: ..........
خوێ: ..........

* وەک نموونەکە، بزانە ئەو پیتانەی خوارەوە بەیەکەوە چ وشەیەکیان لێ درووست دەبێت:



نموونە: ک ـ ر ـ م ـ ا ـ ش ـ ا ـ ن ← کرماشان

ئا ـ و ـ ی ـ ە ـ ر ← ..........

ش ـ و ـ ا ـ ن ← ..........

ز ـ ە ـ ر ـ د ـ ە ـ ش ـ ت ← ..........

هـ ـ ە ـ ژ ـ ا ـ ر ← ..........

ئا ـ و ـ ا ـ ی ـ ی ← ..........

د ـ ی ـ ا ـ ر ـ ب ـ ە ـ ک ـ ر ← ..........

و ـ ە ـ ن ـ ە ـ و ـ ش ـ ە ← ..........

ک ـ و ـ ر ـ د ـ س ـ ت ـ ا ـ ن ← ..........

پ ـ ی ـ ر ـ ا ـ ن ـ ش ـ ا ـ ر ← ..........

ک ـ ە ـ ر ـ ک ـ وو ـ ک ← ..........

ب ـ ا ـ ن ـ ە ← ..........

* هەرکام لەم وشانەی خورەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

مەهاباد ..........

ژیـر ..........

قوتابی ..........

قوتابخانە ..........

کتێب ..........

کتێبخانە ..........

Copyright © Kurdi.fi



# باخەکەمان

ئێمە لە ماڵەوە باخێکی جوانمان هەیە. هەمیشە بەهار، لاولاو، ڕێحانە، گوڵەباخ، شیلان، مێخەک، سەوڵ و نازنازی تێدا دەڕوێنین.

لە ناوەندی حەوشەکەدا حەوزێکی بچووکیش هەیە، کەپرێکی خۆشمان بەسەرەوە کردووە و توولی مێوەکانمان خستوونەتە سەر. ئەم مێوانە هەموو ساڵێک ترێ دەگرن. بۆ ئەوەی زەردەواڵە ترێکە نەخوات دایکم هێشووەکان لە توورەکە هەڵدەکێشێت تا دەمەوپاییز، ئەنجا هێشووەکان لە توورەکەکان دەردەهێنین و دەیانخۆین، کە هەندێ جاریش بە بەرسیلەیی لێیان دەکەینەوە.

---

## * ڕاقە

بەرسیلە: قۆرە، پەسیرە، ترێی هێشتا ترش

شیلان: ناوی گوڵێکە

توورەکە: کیسە

حەوشە: حەسار

زەردەواڵە: زەرگەتە

کەپر: خانووچکەیەک کە لە شووڵ و قامیش دروست کرابێت.

---

## * ڕاهێنان

1. ئەم ڕستانە تەواو بکە:

ئەم مێوانە .................................. دەگرن.

دایکم هێشووەکان لە .................................. هەڵدەکێشێت.


Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


2. هەر کام لەم وشانە سێ کەرەت بنووسەوە:

دەمەوپاییز ......................................

کەپر ......................................

گوڵەباخ ......................................

لاولاو ......................................

ڕێحانە ......................................

دەخۆین ......................................

دەنووسین ......................................

دەکەین ......................................

دەبێژین ......................................

---

3. ئەم ڕستانە پڕ کەوە:

دار سێو ...................... دەگرێت.

دار بەڕوو ...................... دەگرێت.

دار گوێز ...................... دەگرێت.

دار هەنار ...................... دەگرێت.


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com



# هەرەوەز

ڕۆژێک کەڵەشێر و مریشک و مراوی کۆبوونەوە.

مریشک دەنکە گەنمێکی دۆزیەوە، پرسی لە کەڵەشێر چی لێبکەم؟

مراوی گوتی: وەرن با پێکڤە ئەو دەنکە گەنمە بچێنین..

کەڵەشێر و مریشک گوتیان باشە..

مریشک بە دەنووک زەوی کێڵا و دەنکە گەنمی چاند.

مراوی هەموو ڕۆژێک ئاوی بۆ دەبرد و دەیداشت.

کەڵەشێر پارێزگاری گەنمەکەی دەکرد و نەیدەهێشت باڵندە بیخۆن.



گەنم بڵند بوو و دانی گرت، زەرد بوو، پێگەییشت..

کەڵەشێر بە دەنووک لاسکی قرتاند.

مریشک بە لاق گێرەی کرد،

مراوی بە دەنووکە پانەکەی کۆی کردەوە و شەنی کرد و کردیە خەرمان.

خەرمانی سووریان بەش کرد، هەرسێک خۆیان لە گەنم تێر کرد.

Copyright © Kurdi.fi



* ڕاقە

دەیداشت: ئاوی دەدا، دەیدێر

دەنووک : دەندووک

مریشک : مامر

هەرەوەز : زبارە، پێکەوە کار کردن، کار کردنی چەن کەسێک بەیەکەوە بۆ مەبەستێک.

مراوی : سۆنە، ئۆردەک

کەڵەشێر : کەڵەباب، دیکل

---

* ڕاهێنان

1. مریشکەکە چی دۆزیەوە؟

2. کەڵەشێر چی کرد؟

3. ئەمانە تەواو بکە:

مراوی هەموو ڕۆژێ ئاوی بۆ دەبرد و .................................. .

کەڵەشێر پاریزگاری گەنمی ..................................

4. هەر کام لەم وشانەی خوارەوە سێ کەرەت بنووسەوە:

گەنم ..................................................

جۆ ..................................................

نۆک ..................................................

گەنمەشامی ..................................................

هەرزن ..................................................

5. ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە و جارێکیان لێ بنووسەوە:

- جوتیار زەوی دەکێڵێت. ..................................

- جوتیار گەنم دەچێنێت. ..................................

- جوتیار خەرمان گێرە دەکات. ..................................

- جوتیار گەنم شەن دەکات. ..................................


Copyright © Kurdi.fi

# سەعات


چکچک سەعات دەڵێ وشیار بە

وەک من تێکۆشە بەڕۆژ و بەشەو

ماندوبوون و کار مایەی ژیانە

گەر من کار نەکەم لەشم ژەنگ دێنێ

مرۆڤ کار نەکا کاری زۆر لەنگە



تەوەزەل مەبە خەریکی کار بە

هیچ پەیدا نابێ لە تەنبەڵی و خەو

بێکار ڕابواردن ڕەنج و زیانە

دەچمە سەر وەستا هەڵم وەشێنێ

ژەنگی بێکاری شوورەیی و نەنگە

## ڕاهێنان

* جارێک لەو شێعرە بنووسەوە:

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................



........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


## ❊ ڕاڤە

سەعات: کاتژمێر، دەمژمێر

وشیار : وریا، ئاگادار

تەوەزەل : تەمبەڵ

مایە : سەبەب، هۆ، دەلیل؛ بنەڕەت

زیان : زەرەر، نوقسان

لەنگە : شەلە، خراپە

شوورەیی : عەیب

ڕابواردن : بریتی لە ژیان لە خۆشیدا تێپەڕکردن

نەنگ : عەیب، شوورەیی

ڕەنج : ئازار، ناخۆشی

---

## ❊ هەر کام لەو وشانەی خوارەوە سێ کەڕەت بنووسەوە:

کاتژمێر ..............................

ڕابواردن ..............................

شوورەیی ..............................

ژەنگهێنان ..............................

وشیار ..............................

مرۆڤ ..............................

---

## ❊ هەر کام لەم وشانە خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

سەعات ..............................

وەستا ..............................

ژەنگ ..............................

بێکار ..............................

ژیان ..............................


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

# بــەهـــــار



ئاگری نەورۆز کرایەوە، بەفری زستان توایەوە، سەرمای زستان بڕایەوە، بەهاری جوان گەڕایەوە. ئاوی چەم و ڕووبارەکان زۆر بوون. زەوی تارایەکی سەوزی پۆشی، چرۆی درەختەکان پشکوتن و گوڵ و گیای دەشتەکان بووژانەوە.

خەڵکی بەرگی زستانەیان داکەند و بەرگی بەهارەیان پوشی.

شیر و ماست و نقیشک و ژاژی پڕ بازاڕ بوون، هەر خەڵکی بوو بۆ ڕابواردن و سەیران ڕوویان دەکردە سەر کانی و چەم و ڕووبارەکان و لەوێ دەستیان دەکرد بە شایی و هەڵپەڕکێ و شمشاڵ لێدان.

بروانە! ئەوە ماڵی خاتوو گوڵێیە، هاتوونە سەیرانێ. خاتوو گوڵێ ڕایەخی ڕاخستووە و سەماوەری لێ دەم کردووە و چا بۆ منداڵەکانی تێدەکات.

شەونم چەپکێ گوڵی لێکردۆتەوە و دەیەوێ بیبات بۆ باوکی.

شەماڵیش لەبەردەم کاکیا دانیشتووە.

فەرهادیش شمشاڵیان بۆ لێدەدات و دەڵێ:

بەهار،

بەهاری کوردستان..

یاخوا بەخێر بێیت بۆمان.

Copyright © Kurdi.fi

### * ڕاڤە

| | |
|---|---|
| نەورۆز : ڕۆژی سەری ساڵ، سەرەتای بەهار | نقیشک : ڕۆنی کەرە |
| جوان : قەشەنگ، دەلال | ژاژی : شیرێژ |
| تارا : سەرپۆشی سووری بووک | چەم : چۆم؛ چاو |
| زەوی : هەرد، عەرد، خاک | سەیران: گەشت، سەیاحەت، گەڕان |
| پشکوتن: کرانەوەی خونچەگوڵ | ڕایەخ : ڕاخەر، هەرچی کە ڕادەخرێ |
| بەرگ : پۆشاک، جلک | چەپک : دەسکەگوڵ |

---

### * ڕاهێنان

1. ماڵی خاتوو گوڵێ کەی چوون بۆ سەیران؟

2. دەنگی شمشاڵت پێ خۆشە یان نا؟

3. شەونم دەیویست گوڵەکە بۆ کێ بەرێتەوە؟

4. ئەمانە تەواو بکە:

دەستیان کرد بە ............................. و هەڵپەڕکێ.

گوڵ و گیان ............................. بووژانەوە.

سەرمای ............................. بڕایەوە.

---

### * ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە و جارێکیان لێ بنووسەوە:

- فەرهاد شمشاڵ لێدەدات. .............................

- شیرین مەشکە دەژەنێت. .............................

- خاتوو زین چا لێدەنێت. .............................

- ئەو کوڕە یاری دەکات. .............................


Copyright © Kurdi.fi

❊ هەر کام لەم وشانە سێ کەرەت بنووسەوە:

ئاگری نەورۆز ..........................................

بەهاری کوردستان ..........................................

بەفری زستان ..........................................

چرۆی درەختەکان ..........................................

نڤیشک و ژاژی ..........................................

ڕابواردن و سەیران ..........................................

شمشاڵ لێدان ..........................................

چەپکێ گوڵ ..........................................

بەخێر بێیت ..........................................

---

❊ هەر کام لەم وشانە خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

خەڵک ..........................................

بەهار ..........................................

هەڵپەڕکێ ..........................................

ڕووبار ..........................................

گوڵ ..........................................


Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com

KURDISHeBook





# بەهار

زستان نەما بەهار هات

خۆشی بۆ گوند و شار هات

بولبول گەیی بە مرادی

دەخوێنێ بە ئازادی

پەپوولە لە چڵ بۆ چڵ

دەچن بۆ سەیرانی گوڵ

جوانە ئەو چیا و دەشتە


کوردستان وەک بەهەشتە



Copyright © Kurdi.fi

evinebook.blogfa.com

❋ خشتەکان بە وڵامی ڕاست پڕ بکەوە:



١.
٢.
٣.
٤.
٥.
٦.
٧.
٨.
٩.

Copyright © Kurdi.fi


# کاتەکان

### ❈ حەوتە (حەوتوو)

حەوتوو حەوت ڕۆژە. ڕۆژەکانی حەوتە بریێتین لە:

شەمە، یەکشەمە، دووشەمە، سێشەمە

چوارشەمە، پێنجشەمە، هەینی (جومعە)



### ❈ وەرز

ساڵیک چوار وەرزە. وەرزەکانی ساڵ بریێتین لە:

بەهار ، هاوین ، پاییز ، زستان

### ❈ مانگەکان

ساڵیک دوازدە مانگە. ناوی دوازدە مانگی ساڵ بریێتین لە:

بەهار : خاکەلێوە ، بانەمەڕ ، جۆزەردان

هاوین : پووشپەڕ ، گەلاوێژ ، خەرمانان

پاییز : ڕەزبەر ، خەزەڵوەر ، سەرماوەز

زستان : بەفرانبار ، ڕێبەندان ، ڕەشەمە

Copyright © Kurdi.fi



# مامڕێوی و کەڵەشێر

ڕۆژێ ڕێویەک بە قەراخ دێیەکدا تێدەپەڕی. چاوی بە کەڵەشێرێک کەوت. چووە پێشی و سڵاوی لێکرد و گوتی: «وادیارە نامناسی، من لە تەک باوکت وەک برا وابووم. یادی بەخێر، باوکت دەنگی گەلێک خۆش بوو. تۆ دەنگت چۆنە؟»

کەڵەشێر گوتی: «دەنگی منت نەبیستووە. منیش وەک باوکم دەنگم فرە خۆشە.»
کەڵەشێر ئەمەی وت و خێرا چاوەکانی قووچاند و بە دەنگی بەرز قوقاندی.
مامڕێوی چاو قووچاندنی کەڵەشێری بە هەل زانی و خێرا پەلاماری دا، بە ددانەکانی توند گرتی و فڕاندی.

سەگەکانی ئاوایی پێیان زانی و وەدوای کەوتن. کەڵەباب بیری لە چارەسەری دەکردەوە. بە ڕێویەکەی وت: «ئەگەر دەتهەوێ لە چنگ ئەو سەگانە ڕزگاریت


Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


بێت، هاوار کە و پێیان بێژە کە ئەم کەڵەشێرە هی گوندەکەی ئێوە نیە و لە شوێنیەکی ترم گرتووە.»




ڕێوی سەرەڕای ئەو هەمووە وریاییەی کە هەیبوو فریوی خوارد. تا هات زار بکاتەوە، کەڵەشێر لە ناو دەمی فڕی و ڕای کردە سەر دارێکی بڵند.

ڕێوی بێهومێد بوو و وتی: «ئەو دمە بە بڕین چێت کە بە ناوەخت دەکرێتەوە!»

کەڵەبابیش وتی: «ئەو چاوە کوێر بێت کە بە ناوەخت دەنووقێ!»

---

※ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

قەراخ: «قەراغ»، کەنار، لێوار، ڕۆخ، ڕەخ
گەلێک: زۆر
فرە: زۆر
خێرا: زوو، بە پەلە
قووچاندن: نووقاندن، چووقاندن، قووجانن، ـ «بەسەریەکا هاتنی پەلکی چاو یان قامک و...»
قوقاندن: قوقانن، دەنگبەرزکردنی کەڵەشێر
پەلامار: هێرش، هەڵمەت؛ گەمارۆ
فڕاندن: ڕفاندن، قاپاندن
هەل: دەرفەت، دەم، کات، وەخت

ئاوایی: گوند
گوند: دێ
چارەسەر: ڕێی نەجات، دەرەتان، دەربازبوون
شوێن: جێگا
وریا: زیرەک، زرنگ، بەهۆش، ڕند
دم: ۱.دەم، زار، دەڤ ۲. کەپۆ، لوت
ڕاکردن: ۱.غاردان، هەڵاتن ۲.هەڵاتن لە ترسان
بێهومێد: بێهیوا
کوێر: کۆر، نابینا
ناوەخت: بێوەخت، بێجێ، کاتی خراپ


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

❊ گفتوگۆ و ڕاهێنان:

1. بۆچی ڕێوی تاریفی باوکی کەڵەشێرەکەی کرد؟ ..................................................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

2. بۆچی ئەو رێویە وریایە فریوی قسەی کەڵەبابەکەی خوارد؟ ..............................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

3. بە باوەڕی تۆ ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی فریوی مرۆڤی فێڵەزان نەخۆین؟

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

4. ئەو قسانە یانی چی:

(ئەو دەمە بە بڕین چێت کە بە ناوەخت دەکرێتەوە!) ..........................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

(ئەو چاوە کوێر بێت کە بە ناوەخت دەنووقێ!)..............................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

5. لەو چیرۆکە چی فێر دەبین؟

..........................................................................................................................................



..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi



❊ ئەو وشانە بخوێنەوە و بە وردی گوێ لە دەنگی (یـ) بگرە:

- یاری، یارەماسی، یاد، یادگار، وایە، تێیدایە، دەریا، هەیە، مەیە.
- بیبەر، ژین، ژینەوەر، فڕین، زیندوو، دینار، سیلە، سینگ، سینەما.
- چیا، دیار، دیاری، دیتیان، قوتابیان، زیاتر، نیە، گیا، گیان، سیاچەمانە.

---

❊ بە هەر کام لەم وشانەی خوارەوە ڕستەیەک درووست بکە:

کتێبەکان ..................................................

کاتێک ..................................................

قەڵەم ..................................................

چادان ..................................................

مرۆڤ ..................................................

دەنگ ..................................................

وریا ..................................................

---

❊ بنووسەوە:

ئاوایی .................. - .................. - .................. - ..................

چیرۆک .................. - .................. - .................. - ..................

قووچاند .................. - .................. - .................. - ..................

تێدەپەڕی .................. - .................. - .................. - ..................

شوێنێکی تر .................. - .................. - ..................

فریوخواردن .................. - .................. - ..................


Copyright © Kurdi.fi

ناو: ____________________

* ئیملا:

1. ........................................
2. ........................................
3. ........................................
4. ........................................
5. ........................................
6. ........................................
7. ........................................
8. ........................................
9. ........................................
10. ........................................

---

* ئەم نڕستانەی خوارەوە تەواو بکە:

1. .......................... کورسی درووست دەکات.
2. .......................... دیوار درووست دەکات.
3. دکتۆر .......................... چارە دەکات.
4. .......................... قوتابی فێر دەکات.
5. .......................... زەوی دەکێڵێت.
6. قەساب .......................... دەفرۆشێت.

---

* **لێکدانەوەی وشەکان:**

| | |
|---|---|
| کیژ: ____________ | دەخوازێت: ____________ |
| گوند: ____________ | پۆل: ____________ |
| بەرز: ____________ | بەرز: ____________ |
| خۆر: ____________ | ڕەوشت: ____________ |
| وەرز: ____________ | ژیر: ____________ |
| ئەز: ____________ | جووتیار: ____________ |

kurdishebook.com
KURDISHeBook

ناو: ______________

* نیشانەی (%) لە بەر دەم مەبەستی درووست دابنێ و نیشانەی (√) لەبەردەم هەڵەکان دابنێ:

1- ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت:
(   ) کتێب بخوێنەوە.
(   ) ڕووی تێبکەو گوێی بدەیە،
(   ) لەگەڵ هاوڕێکەتدا قسان بکە.
(   ) قسەکەی پێ ببڕە.

2- ئەگەر قسەت بۆ یەکێك کرد:
(   ) زۆر بڵێ.
(   ) دەنگت بەرز کەوە.
(   ) بەدەنگێکی لەسەرەخۆی بەدەرەوە قسە بکە.
(   ) قسەی ئاڵۆزی بۆ بکە.

3- ئەوانەش هەروەتر:
(   ) سەرما بە هاوین زۆر دەبێت.
(   ) خۆر گەرمیو ڕووناکیمان دەداتێ.
(   ) تیشکی خۆر میکرۆب دەکوژێت.
(   ) ڕووناکی خۆر لە شەویشدا زۆرە.

---

* لە ئاخری ئەم وشانەی خوارەوە ( دان / خانە ) زیاد بکە:

| | |
|---|---|
| خوێ ______ | کەباب ______ |
| چای ______ | چا ______ |
| خەستە ______ | سەرتاش ______ |
| کتێب ______ | شەکر ______ |

---

* سێ وشە بنووسە کە بە وشەی (هەڵ) دەست پێدەکا! وەک: هەڵواسی.

-1      -2      -3



evinebook.blogfa.com

ناو: ________________

✻ ڕستەکانی خوارەوە بەم وشانە پڕ بکەوە:

کوێر، دلۆڤان، دەرباز، قوتابخانە

1. شێڕکۆ بۆ .............................. دەچوو.

2. کەس نەبوو دەستی بگرێت و .............................. ی بکات.

3. شێرکۆی .............................. پیاوێکی .............................. ی لە ڕێگا دیت.

---

ئەم ڕستانە تەواو بکە:

1. شیر لە .............................. دەدۆشرێت.

2. . لە شیر .............................. و .............................. درووست دەکرێت.

3. هێلکە و ماست لە .............................. دەفرۆشرێت.

---

✻ بۆ هەرکام لەو شێوە ڕستانەی خوارەوە دوو ڕستەی جیاواز بنووسەوە:

١. خەبەری:

..............................................................................................

..............................................................................................

٢. پرسیاری:

..............................................................................................

..............................................................................................

٣. ئەمری:

..............................................................................................

..............................................................................................

٤. سەرسووڕمان:

..............................................................................................

..............................................................................................